

# پانۆرامای جیهانی

**ســـاڵی 2012 جیهان وەك هەمیشـــە لە زۆر بواردا پێشـــكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەشـــێك لە پێشكەوتن و بەرەوپێشچوونی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ سەركەوتن لە بواری تەكنەلۆژیای نوێدا، بەتایبەتی تەكنەلۆژیای دیجیتالی... جیهانی IT واتە (ئینفۆرمەیشن تەكنەلۆژیا) گەلێك بەرفرەیە و بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە و هەتا ئێستا لاپەڕەكانمان**









ســـاڵی 2012 لە راستیدا ســـاڵی تەبلێت بوو، (tablet) بەو ئامێرە دیجیتالییە دەگوترێت، كە وەك كۆمپیوتەری لاپتۆپ دەچێت، بەڵام بەبێ بوونی كیبۆرد، تەنیا شاشـــەیەك و هیچی دی... لە ســـاڵی رابردوودا تەبلێت پێشوازییەكی گەرمی لێكرا و تا رادەیەك شوێنی لاپتۆپی گرتەوە، چونكە هەم كێشی كەمترە و هەم قەوارەكەی بچووكترە، ئەمەش وادەكات بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە ئاسان بێت.. كۆمپانیای ئەپڵ تەبلێتی ئایپادی2ی بەرهەم هێنا و كۆمپانیاكانی دیكەیـــش لـــەم بوارەدا جێ پەنجەیـــان دیارە.. بـــەڵام دەكرێت بڵێین ســـاڵی 2012 مەرگی كۆمپیوتەری ســـەرمێز واتە دیسكتۆپ بوو، كۆمپیوتەری سەرمێز تەنیا لە ئیدارە و فەرمانگە و نووسینگە و...تاد سوودی لێوەردەگیرێت، تاك كەمترە هەیە بەكاری بێنێت.. بەڵام بۆ ئەوەی كە كۆمپیوتەری دیسكتۆپ بەیەكجاری نەبێتە مێژوو، كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی كۆمپیوتەر، هەوڵیاندا قەوارەی كەیســـەكان بچووك بكەنەوە، یان كۆمپیوتەری یەكپارچە بەرهەم بێنن، واتە ئەو كۆمپیوتەرانەی كە كەیس و مۆنیتۆریان پێكەوەیە.

ســـاڵی 2012 ســـاڵی بەرهەمهاتنی مۆبایلە هۆشـــمەندەكان بوو، كۆمپانیای ئەپڵ ئایفۆن 4sی بەرهەمهێنـــا و كە لەودا فەرمانی دەنگی بۆ ســـەر مۆبایلەكە زیـــاد كرد، ئەوەی لە ســـاڵی 2012دا تێبینی دەكرا، كۆمپانیای سامسۆنگ بوو، چونكە بە بەرهەمهێنانی زنجیرە مۆبایلەكانی گالاكســـی بوو بە ركابەرێكی جددی بۆ كۆمپانیای ئەپڵ، كۆمپانیای نۆكیا كە ســـالانێك بوو وەك كۆمپانیایەكی سەركەوتوو لە بواری بەرهەمهێنانی مۆبایلدا سەیری دەكرا، تووشی شكستێكی گەورە بوو.

لە ساڵی 2012 سەدان سایتی گرنگ لە ئینتەرنێتدا زیاد بوون، بەڵام هێشتاش گوگڵ وەك پڕبینەرترین ســـایت سەیر دەكرێت، پلەی یەكەمی بۆ خۆی بەدەستهێناوە، جگەلەوەی لە ساڵی رابـــردوودا چەندین خزمەتگوزاری گرنگی لە جیهانی ئەنتەرنێتدا زیاد كرد، لە ســـایتەكانی

facebook





## سینەما لـــــ

ئەگەرچـــی هونەری ســـینەما و بەرهەمهێنانـــی فیلمی ســـینەمایی لە لوتكەدایە، بـــەڵام بەهۆی پەرەســـەندنی تەكنەلۆژیـــای ســـەتەلایت، هۆڵی ســـینەما و ئامێری نیشـــاندانی فیلمی ســـینەمایی لە هەندێـــك وڵاتی جیهان یان بەتـــەواوی نەماوە، یان ئەو گەرم و گوڕییەی جارانی نییە، ســـاڵیانێك سەیركردنی فیلمێكی سینەمایی لە هۆڵی سینەمادا یەكێك بوو لە ساتەخۆشـــەكانی ژیان، كەچی ئەمڕۆ لە شارەكانی هەرێم و تەنانەت لە خودی هەولێریشدا یەك سینەمای لێ نییە.

بۆ ئەوەی كە یادێك بكەنەوە لە سەردەمی سینەما






# IT له سالّی 2012دا

**بۆ تەرخانکردووە، تەکنەلۆژیای دیجیتالی تاکەکەسی سەردەم بووە، وەك مۆبایل، کامێرا، لاپتۆپ، زانیاری سەبارەت بە جیهانی ئەنتەرنێت، ناساندنی پرۆگرامگەلی جۆراوجۆر، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەو پەیوەندییەدا ئاراستەمان دەکرێن...تاد. لێرەشدا تەنیا چاوێك بە پانۆرامای ئەو بابەتانەدا دەخشێنین کە ئاماژەمان پێدان..**












تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك هەر لە ریزی یەکەم دێت، هەرچەندە گوگڵ پڵاسی کۆمپانیای گوگڵ ویستی وەك رکابەرێکی جددی لەگەڵ فەیسبووك بێتە مەیدان، بەڵام هەتا ئێستا ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێناوە. چەندین سایتی خزمەتگوزاری بەخشینی شوێنی راگرتنی داتاکان واتە هاردی مەجازی لە ئینتەرنێتدا زیاد بوون، گوگڵ درایڤ و سکای درایڤ و دروپ بۆکس لە ریزی ئەو سایتانە دێن کە هاردی مەجازیان هەیە.

لە بواری سیستەمی کۆمپیوتەردا، مایکرۆسۆفت لە ساڵی 2012دا دوا ڤێرژنی سیستەمی خۆی واتە ویندۆز8ی خستە بازاڕەوە، ویندۆز8 بە بەراورد بە ویندۆز7 خێراترە و تواناکانی زیاترن، ویندۆز8 زیاتر لەگەڵ شاشەی لەمسی دەگونجێت، چونکە ساڵی رابردوو شاشە لەمسییەکان زۆر بەرفرەتر بوون، لە بواری مۆنیتۆر واتە شاشەدا دەکرێت ساڵی 2012 بە ساڵی شاشەی 3D سەیر بکەین، سێ رەهەندی بوونی تەلەڤزیۆن و کامێرا و مۆبایل کە پێشووتر وەك بیرۆکەیەك باسی لێوەدەکرا، ئەمجارەیان بە کردەوە دەرکەوتن. لە ساڵی رابردوودا شاشەی OLED وەك بیرۆکەیەك باسی لێوەدەکرا و هەتا بۆ تاقیکاری چەند کۆمپانیایەك هەوڵی خۆیان لەمبوارەدا دا، بەڵام شاشەی OLED بە کردەوە نەکەوتە بازاڕەوە، شاشەی OLED بەم شاشەیە دەگوترێت کە لە شووشەیەکی روون دەچێت و لە هەردوو دیوەوە دەبیندرێت. ئەمانە چاوخشاندنێکی خێرابوون بە تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم لە ساڵی 2012دا، هەرچەندە ئێمە زۆرتر ئەو لایەنانەی تەکنەلۆژیمان باس کردووە کە پەیوەندیان هەیە بە ئایتییەوە.. ئەگینا لە بوارەکانی دیکەدا جیهان زۆر سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، پرسیارێکی بێ وەڵام لێرەدا دێتە گۆڕێ، هەتا ئێستا ئێمە بەکارهێنەری تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم بووینە و هیچ جێ پەنجەیەکی ئێمە لە سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی ئەم تەکنەلۆژیایەدا نابیندرێت، تۆ بڵێی هەتا کەی ئێمە هەر بەکارهێنەر بین و بەرهەمهێنەر نەبین؟!




## ـــە گیرفانی تۆدایە!

و دانیشتنی لە هۆڵی تاریکی سینەما، کۆمپانیای سامسۆنگ بەرهەمێکی نوێی بەناوی Samsung mobile beam projector کە پرۆژکتەرێکی بچووکە و لە گیرفان واتە بەرکدا جێگای دەبێتەوە. سینەما بچکۆلەکە دەتوانێت فیلمەکان بە کوالیتیەکی زۆر باش لەسەر دیواری سپی نیشان بدات، سایزی ئامێرەکە بچووکترە لە مۆبایلی گەلەکسی3ی سامسۆنگ.


ئامێری ناوبراو دەتوانرێت لەگەڵ گشت جۆرەکانی مۆبایلی گەلەکسی، ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەی فیلم و پلایەری گەلەکسی و تەنانەت کۆمپیوتەریش سوودی لێوەربگیرێت، بە شێوەیەکی گشتی ئامێرەکە لەگەڵ گشت ئامێرێکی تەکنەلۆژی پەیوەند دەدرێت کە کێبڵی HDMI و کێبڵی MHLی هەیە. ئامێرەکە لە 20 گڵۆپی لۆمێن و باترییەك کە شەحن دەبێتەوە سوود وەردەگرێت، بەکارهێنەر دەتوانێت هەتا 2 کاتژمێر بەهۆی ئەو ئامێرەوە فیلم سەیر بکات. کێشی پرۆژکتەرەکە 150 گرامە.



## سایتێک تایبەت بە وێنەگرتنی پیشەیی





سـایت واتــە ماڵێــك لە شــاری ئینتەرنێتــدا، هــەر ماڵــە و خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، بەپێی پێویست لە فایلی ئایتیــدا هەوڵمان داوە هەر جارە و ســایتێك بناسێنین کە سوود و زانیاری گشتی تێدابێت، ئەمجارەیان سایتی www.photo.net باس دەکەین، ئەم ســایتە تایبەتە بــە وێنەگری و هونەری وێنەگرتن، کاتێك ســەر بەو سایتەدا دەکەیت، بەشی جۆراوجۆری تێدا دەبینیت، کە تایبەتن بە هونەری وێنەگرتنی فۆتۆگرافی، وەك بەشی فێــرکاری، لینکەکانی تایبەت بە راو بۆچوونی هونەرمەندان و ئۆگرانی ئەو بەشە سەبارەت بە هونەری وێنەگرتن، وێنە سەرکەوتووەکانی ئەم هەفتەیە. بۆ ئەم مەبەســتە کە یەکەمجار سەردانی ئەم سایتە دەکەیت سەرەتا سەر لە بەشی gallery بدە و بزانە چ وێنەیەك سەرنجت رادەکێشێت، لەم بەشەدا دەتوانیت وێنە ســەرکەوتووەکانی مانگ یان ساڵی رابــردوو ببینی، هەر وێنەیەك کە ســەرنجی راکێشــایت دەتوانیت داونلودی بکەیت.



## لەمەولا هیچ پەسوردێک جێگای دڵـــ

کۆدی نهێنــی واتە password ئەم وشــە نهێنیە کە بەمەبەســتی چوونە ناو ئیمێل، یان هەر ئەکاونتێکی دیکە لە جیهانی مەجازیدا بەکار دێت، پەسۆرد وەك کلیلی چوونە ناو گەنجینەی شەخسی تاکەکان ســەیری دەکرێت، هەربۆیە گەر بتهەوێ هیچ کەســێك نەتوانێ دزە بکاتە ناو نهێنییەکانت و رازەکانت لە جیهانی مەجازیدا نەزانێ، پێویستە کــۆدی نهێنیــت زۆر گرنگ بــێ و بە جۆرێك لەلایەن کەسانی دیکەوە نەکرێتەوە، بەداخەوە دەبێ بڵێم ئێســتاکە لەلایەن هەککەرەکانــەوە دژوارترین کــۆدی نهێنی ئاشــکرا دەکرێــن، کۆمپیوتەرێك لەلایەن کۆمپانیــای Stricture Consulting Group بەرهەم هاتووە کــە دەتوانێت دژوارترین پەســۆردەکان لە چەند خولەکێــك دا بکاتەوە. ئەو



## پرۆگرامێکی زۆر بە سوود بۆ جوانکردنی وێنە

بەبــێ ریکلام کــردن، پرۆگرامێك کــە لێرەدا دەیناســێنین، لە ریزی باشــترین ئەو پرۆگرامانە دێت کە بۆ "رتوش" واتە لابردنی پەڵەی دەموچاو، جوانکردنی وێنەی تاکەکەســی بە ویستی خۆت، ســوودی لێوەردەگیرێــت، ئەوانــەی کــە کاری وێنەگری پیشــەیی دەکەن، بۆ جوانکردنی وێنە و "رتوش" کردنیان پەنا بۆ پرۆگرامی فۆتۆشــۆپ دەبەن و لەویشــدا لە فیلتەرەکانی "کۆداك" سوود وەردەگرن، بەڵام فۆتۆشــۆپ بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنەکــەی ئەوەنــدە ئاســان نییــە کە هەر بەکارهێنەرێکــی کۆمپیوتــەر بتوانێت ســوودی لێوەربگرێت.

پرۆگرامی Portrait+ راســت بەمەبەســتی جوانکردنی وێنە شەخســییەکان بەرهەمهاتووە، لەم پرۆگرامــەدا هەریەك لە بەشــەکانی دەموچاو بە جیا رتوش دەکات تاکو زۆر سروشتی بێتە بەرچاو.

یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم پرۆگرامە خێراییەکەیەتی، کەسێکی شارەزاش لە فۆتۆشۆپ بە چەنــد خولەکێك وێنەیەك جــوان دەکات، بەڵام پرۆگرامی ناوبراو لە یەك خولەکدا سەد وێنە "رتوش" دەکات و گشــت فۆرماتێکیش دەخوێنێتەوە. ئەوەی زۆر شــارەزای کاری "رتوش" نییە وابیردەکاتەوە، رتــوش واتە لابردنــی پەڵەکانی ســەر دەموچاو، بەڵام وێنەگری پیشــەیی دەزانێــت، جوانکردنی وێنەی تاکەکەسی هەموو شــوێنێکی لووت، لێو، گوێ، چاو و پێســت و مــوو دەگرێتەوە. بەهۆی ئەو پرۆگرامە هۆشــمەندانە هەموو ئەندامەکانی دەموچاو بە جیا "رتوش" دەکرێن. ئەگەر وێنەیەکی بە کۆمەڵ هەبێت، واتە چەند کەسێك لە وێنەیەکدا بــن، پرۆگرامەکە بۆ هەر کامیان بەپێی پێویســت کاری جوانکردنی رووخســارەکانی ناو وێنەکە ئەنجام دەدات.





## نیایی نییه

کۆمپیوتەرە دەتوانێت لە چرکەیەکدا 350 ملیار وشەی نهێنی لێکبداتەوە. بۆ نموونە پەسۆردێك کە پێکهاتبوو لە 958 پیت، کە تێکەڵاوێك بوو لە پیتی کەپیتەل، سمۆل، ژمارە و هێما، توانی لە شەش خولەکدا بکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت لەماڵەوە کۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسکتۆپم هەیە، خۆت دەزانی کارەبا لێرە پێشتر ئاگادارت ناکاتەوەو نازانرێت کەی کارەبا دەڕوات، لەکاتێکی وادا بە کوژانەوەی کارەبا ئەو دەقەی کە نووسیومە و خەزنم نەکردووە، هەر هەمووی دەڕوات، ئایا چ بکەم لەکاتی ڕۆیشتنی کارەبادا دەقە تایبکراوە سەیف نەکراوەکان بگێڕمەوە؟ ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی لەکاتی هاتنەوەی کارەبادا دەقەکان بگێڕمەوە؟

خوێنەری بەڕێز، یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی کە کۆمپیوتەری لاپتۆپ بەسەر کۆمپیوتەری سەرمێزدا هەیەتی ئەوەیە کە لەکاتی کوژانەوەی بڕانی وزەی کۆمپیوتەر جا بە هەر هۆیەك بێت، لاپتۆپەکە ناکوژێتەوە، دانانی ئامێری UPS گەلێك بە سوودە، بەڵام گەر ئامێری UPS ت نەبوو، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە بچیە سەر پرۆگرامی word و ئەم ڕێکخستنانە ئەنجام بدەی. ئەگەر لە office 2007 یا 2010 سوود وەربگریت، دەچیە سەر بەشی word option کە لە 2007 لە fail دایە و لە 2010دا لە هێمای پەنجەرە (#) لەسەرووی شریتەکەیە دایە لەودا فەرمانی save لێبدە و دواتر لەو بەشەیدا دەکرێتەوە کە خەزنکردنی ئۆتۆماتیکی لەسەر 10 خولەك دانراوە بیکە بە (1) خولەك، واتە لەهەر یەك خولەکدا خۆی ئۆتۆماتیکی خەزنی دەکات، ئیدی لەمەولا کە کارەباش ڕۆیشت، تەنیا ماندووبوونی کەمتر لەخولەکێکت دەڕوات ئەگینا ئەوەی تر هەمووی خەزن دەبێت.

## چەند زانیارییەک لەبارەی کۆمپیوتەری –TV یەوە

سیستەمی ئەندرۆید تەنیا بۆ مۆبایل و تەبلێت و کامێرای دیجیتالی بەرهەم نەهاتووە، ئەمڕۆکە ئەم سیستەمە، تەنانەت بۆ تەلەڤزیۆنی ماڵەوەش سوودی لێوەردەگیرێت بەهۆیەوە تەلەڤزیۆنەکەت وەك کۆمپیوتەری لێدێت، تەنانەت ئەو شاشانەی کە هیچ کۆمپیوتەرێکیان لەسەر نییە، دەیانکات بە سیستەمێك کە هێڵی ئەنتەرنێت وەرگرێت و بتوانیت سایتەکان لە تەلەڤزیۆن یان لەسەر شاشە بخوێنیەوە.

Android mine PC کۆمپیوتەرێکی بچووکە کە قەوارەکەی بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت، شوێنی دانانی کێبڵی پەیوەندی لەگەڵ تەلەڤزیۆن یان ئامێری دیکەی هەیە، دەکرێت تەلەڤزیۆنە ئاساییەکەی خۆت بکەی بە تەلەڤزیۆنێکی هۆشمەند و لە ڕێگای ئەوەوە سەیری فیلمەکانی سەر یۆتیوب بکەی و ئیمێلەکەت بکەیەوە و تەنانەت سەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکیش بدەی. نرخی ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە کە لەگەڵ تەلەڤزیۆن پەیوەند دەدرێت، بە بەراورد بە ئامێری دیکەی دیجیتالی زۆر لەسەرێ نییە، چونکە 60$ نرخەکەیەتی. کێشەی ئامێرەکە تەنیا 90 گرامە. هاردەکەی 8 گیگابایتە، خێرایەکەی 1 گیگاهێرتزە. رامەکەشی 1 گیگابایتە، تۆڕی وایەرلەیسی وای- فای و بلوتوسیشی هەیە.



## ئامێرێک مۆبایلەکەت دەکاتە میکرۆسکۆپ

پسپۆرانی بواری ئایتی، ئامێری CellScope بەرهەم هێناوە کە مۆبایلە هۆشمەندەکان دەکات بە ئامێری میکرۆسکۆپ، ئەم ئامێرە وەك وردبینێکی گەڕۆك سودێکی زۆری هەیە، هەرچەندە لەسەرەتادا ئامێرەکە ئامانجی سەرەکی وردبین بووە لە نەخۆشخانەکاندا، بەڵام ئێستاکە وەك ئامێرێکی گرنگ بۆ پرۆژەی زانستی لە زانکۆکاندا سوودی لێوەردەگیرێت. ئەو وێنانەی گەورەیان دەکاتەوە و لەسەر شاشەی مۆبایلە هۆشمەندەکان نیشان دەدرێن، لە پۆلەکانی خوێندندا دەکرێت چەندین قوتابی پێکەوە سەیری بکەن و مامۆستای پەیوەندار لەسەر وێنەکان شیکردنەوەی خۆی هەبێت.

